# برناردشۆ و کارە شانۆییەکانی

و: شەرمین عەبدوڵڵا

نابێ بەسەر نیشانەکانی شانۆگەری سەدەی بیستەم تێپەڕین، بێ ئەوەی لەسەر یەکێک لە زۆرترین ئەو شانۆگەرییە جیهانییانەی کە لە ئەزموندا دەوڵەمەندە هەڵوەستە بکەین، ئەویش ئەزموونی نووسەری شانۆکاری ئیرلەندی(برناردشۆ)یە، کە لەساڵی ١٩٢٥ لەمیانەی ئەو کارە درامییە نایابانەی کە بەگفتوگۆیەکی فەلسەفی لەژیان و شێوازێکی جوان کارەکانی پێشکەشکرد، بووە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە ئاداب. برناتشر بڕوای بەئازادییەکی بێ مەرج بوو، ئازادی لە هزرو خۆشەویستی و ژیان بێ رازیبوونی چەنوچوونی، نووسینەکانی لە بینیندا زیندووبوونەوەیەکی تازەگەری بەدەستهێنا، تا وایلێهات کارە شانۆییەکانی لەسەر تەختەی شانۆیە جیهانییەکان لەدوای کارەکانی(ولیام شکسپیر) بەزۆری ببینرێ.



برناردشۆ

برناردشۆ بۆ ئەژمارکردنی پیتەکان لە نووسین و چاککردنەوەی پیتەکانی ئینگلیزی بانگەشەی کرد، لە وەسیەتنامەکەی بڕێک پارەی بۆ کارکردن لەسەر جوولاآی پیتەکان و نوێکردنەوەی پیتە دەنگییە تازەکان لە زاراوەدا تەرخانکرد، ساڵانێک پرۆژەکە دواکەوت پێش ئەوەی بەرگێک بەدەرکەوێت کە (الابجدیە الشوانیە)ی

لەخۆگرتبوو، وا پێویست بوو کە بەرگی دیکەی بەدوابێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکی جێماوەیی لەسەر شیکردنەوەی وەسیەتنامەکە پرۆژەکە دواخراو پاشان لە کۆتاییدا وەستێنرا. برناردشۆ بۆ وتاری فەلسەفەو گفتوگۆی بابەتی بەرپرسیاریتی تاک و خستنە سەرشانی خۆیدا تێدەکۆشا، ئەو کارانەی کە نەدەبوو ئەو دەیکرد بەگواستنەوەی شانۆبیەکانی بۆ فیلم لە سەردەمی سینەمای بێدەنگ.




برناردشۆ سەرەڕای نووسین زۆربەی وتاری جۆراوجۆر لەسەر رەخنەی شانۆیی و سیاسی و مۆسیقاو هونەردا، زیاتر لە پەنجا شانۆی نووسیوە تا بێهێزبوونی، تەمەنی گەیشتە نۆهەد ساڵ و تاکو دوارۆژی ژیانی ئەو راڕاییە داهێنەری لەکۆڵ نابوو.

**خۆرزگارکردنی لە(جۆرج)**

لە ١٨٥٦/٧/٢٦ لە شاری دبلن لە ئیرلەندا لە خێزانێکی مامناوەندی لەدایکبووە. ناوی یەکەمی برناردشۆ(جۆرج)بوو. باوکی ناوی(جۆرج کارشو)بوو بازرگانێکی دۆڕاوی دانەوێڵەو سەرخۆش بوو. دایکیشی کە ناوی(لوسیندا ئیلیزابیت شو)بوو شانزە ساڵ لە باوکی بچووکتر بوو، ئارەزووی گۆرانی گوتنی هەبوو لەبەر عەشقبوونی بەگۆرانی و مۆسیقاو مامەڵەکردنی خراپی مێردەکەی لەگەڵی، ئەوانە بوونە پاڵنەرێک بۆ بەجێهێشتنی ماڵەکەی کە هێشتا برناردشۆ تەمەنی شانزە ساڵی تەواو نەکردبوو، لەگەڵ کچە گەورەکەی چوو بۆ وڵاتی لەندەن و لەوێ جێگیربوو، برناردشۆ لەگەڵ باوکی و خوشکێکی دیکەی لە دبلن بەیەکەوە مانەوە، رقوکینەی کورەکە بۆ باوکی گەیشتە ئەو رادەیەی کە ناوی یەکەمی(جۆرج)بوو کە لەسەر ناوی باوکی بوو لابرد، بەهیچ شێوەیەک نە بۆکەسێتی خۆی نە بۆ کاروپیشەی بەدرێژایی ژیانی بەکاری نەهێنا، لە ساڵی ١٨٨٥ کاتی باوکی کۆچی دوایی کرد نە خۆی نە هیچ کام لە ئەندامەکانی خێزانەکەی ئامادەی پرسەکەی نەبوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خۆشەویستی و هەستی بۆ دایکی هەیە پاش ئەوەی ماڵەکەی جێهێشتووەو بەدوای خەونەکانی لە گۆرانی و خوێندنی مۆسیقادا کەوتووە. لە شانۆگەرییەکانی برناردشۆ کە بەدەرکەتبوون یەک لەوانە بەناوی(زواج غیر موفق)بوو کە باس لە پەیوەندییە هاوشێوەییە پەشێوییەکان لەنێوان منداڵەکان و باوکیان دەکات کە چۆن منداڵەکانیان لە گۆشەگیرییەکی دەروونیدا گەشەدەکەن، لەگەڵ هەبوونی منداڵی بێ دایک و باوک و هەتیویان ئەوانەی بە(تبنی) واتە دەیانکەنە منداڵی خۆیان بەخێویان دەکەن. لە ساڵی ١٨٧٦ز لە کۆلێژی ویزلی لە دبلن زانستەکەی بەدەستهێنا، هەروەها بۆ ماوەیەک وەکو فەرمانبەر لە نووسینگەی خانووبەرە کاری کردووە، برناردشۆ بەرەو لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بۆ لای دایکی و خوشکەکەی سەفەری کردوو ئیرلەندەی جێهێشت بۆئەوەی لەژیانی پیشەییا وەکو نووسەرو رۆژنامەنووس کاربکات.

**ئەدەب-رۆژنامەنووس- سیاسەت**

یەکەم هەنگاوەکانی برناردشۆ لە کاروانی ئەدەبی رۆژنامەنووسی لە لەندەن بەپەخشان دەستپێکرد، پێنج رۆمانیشی نووسی بێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، بەڵام بەهۆی خوێندنەوە لە کتێبخانە گشتییەکان و هۆڵی خوێندنەوە لە مۆزەخانەی بەریتانی خۆی رۆشنبیر کرد، خۆی لەنێو سیاسەتی پێشکەوتنخواز دۆزییەوەو لەوکاتەی لە باخچەی(العاید بارک) لەسەر مینبەر بۆ خوێندنەوەی وتارێکی بەناوبانگ وەستابوو، لە خوێندنەوەدا شێوازێکی ناسک و جوانی تەرخانکردبوو، لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٨٤ چووە پاڵ(کۆمەڵەی فابیە) کە لە دامەزراندنیدا هاوکاری کردبوو، کە رێکخراوێکی

سیاسی و هاوبەشێتی بوو هەوڵی گۆڕینی بەریتانیا بۆ دەوڵەتێکی سۆشیالیزمی دەدات، نەک لەڕێگەی شۆڕشەوە، بەڵکو لەڕێگەی یاسادانانی پێشکەتوو، هەروەها ڕێکخراوی فابیە لە مەودوا بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر ڕۆڵێکی دیاریکراو لە دامەزراندنی(کۆلێژی لەندەنی ئابووری)و پارتی کرێکاران دەبێ. برناردشۆ لەم ڕێکخراوە چەندین وتارو لێدوانی دەخوێندەوەو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، هاوکاربوو بۆ نووسینەوەی زۆربەی بڵاوکراوەکانی، هەر لەمیانەی ئەوەوە لە ساڵی ١٨٩٥ وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی(ساتردای ریفیو) کاری ڕەخنەگری شانۆیی دەستپێکرد، هەروەها لەسەر ڕەخنەی هونەری و ڕەخنەی میوزیک لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەژێر ناوی خواستراو(کورنوبی باسیو) نووسیوە، وتارەکانی کە لەسەر ڕەخنەی میوزیکی نووسیبووی لە کتێبێک بەناونیشانی(موسیقی شو).

لە ساڵی ١٨٩٨ ئەو خانوەی کە لەگەڵ دایکی تێیدا دەژیا جێیهێشت و ئافرەتێکی دەوڵەمەندی ئیرلەندی بەناوی(تشارلوت بین- تاونشد)ی هێنا، دەستی لە کارەکەی خۆی وەکو ڕەخنەگری شانۆیی هەڵگرت و خێزانەکەی بواری زیاتری بۆ هێنانەدی داخوازییەکانی ڕەخساند،(تشارلوت) لەگەڵ برناردشۆی هاوسەری لەژیان لەگەڵی بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کرد، پاشان پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان زێتر بوو، دیارترینیان ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بوو کە لەگەڵ ئەکتەری ناودار(ستیلا کامبل) بەستبووی، دوای ئەوەی کە لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی برناردشۆ کە بەناوی(بیگمالیون) ڕۆڵی تێدا گێڕابوو، خۆشەویستەکەیان بەردەوام بوو بەنامەگۆڕینەوە ئەو پەیوەندییەش ئاشکرابوو، بەڵام لە کەسایەتی برناردشۆ کەم نەبووبۆوە.

**داهێنانی شانۆیی**

لە ساڵی ١٨٩١ لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی(ڕێکخراوی فابیە) چاوی کەوت بەشانۆکاری نەرویجی بەناوبانگ(هنریک ابسن) کە بەشانۆگەرییەکانی سەرسام و کاریگەری ببوو، بەپێشەنگی شانۆگەری نوێ ناوی نابوو، لە ساڵی ١٨٩٢ برناردشۆ یەکەم شانۆگەری خۆی بەناوی(بیوت الارامل) نووسی، پاشان شانۆگەری دیکەی بەدوادا هات، زۆربەیان لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و گفتوگۆی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشتەکانی کۆمەڵگا بوو، دیارترین شانۆگەرییەکانی ئەوساتانەی«حواری الشیطان-١٨٩٧»«المغازل-١٨٩٨» «مهنە السیدە وارن»و«السلاح والانسان»و«کاندیدا- ١٨٩٨»و«قیصرو کیلوباترا-١٩٠١»و«الانسان والانسان الخارق-١٩٠٣» سەرەڕای ئەوەی ناوی برناردشۆ لەگەڵ پێشکەشکردنی زۆربەی کارەکانی شانۆیی لە ولایەتی یەکگرتوو و ئەڵمانیاو ئەوروپا دەنگی دایەوە، بەڵام لە ئینگلتەرا نەیتوانی کارەکانی پێشکەش بکات... لە ساڵی ١٩٠٤دا تەنها لە شانۆگەری(الجزیرە الاخری لجون بولز) توانی بەڕاستی بناسرێ و سەرکەوتنێکی ڕەخنەیی و جەماوەری بەدەستبهێنێ. زۆر بەخێرایی شانۆگەرییەکانی بەدوای یەکدا پێشکەشدەکران، لەوانەش شانۆگەری(کاندیدا) لەسەر تەختەی شانۆی(ڕویال کورت)ی گەورە لە لەندەن نمایشکرا.

کارەکانی برناردشۆ بەدوایی یەکدا هاتن لەوانە(الرائد باربرا-١٩٠٥)و(اندروکلیس والاسد-١٩١٢)و (بیگمالیون-١٩١٣) کە بەناوبانگترین کارەکانی بوو لە ساڵی ١٩٣٨ گۆڕدراو کرا بەفیلم. هەر خۆیشی سیناریۆی بۆ دانا، پاشان شانۆگەری گۆرانی بەناونیشانی «سیدتی الجمیلە-١٩٦٤» لەنواندنی(اودری هیبورن) کە بەکلاسیکییەتی سینەمای گۆرانی دەژمێردرێت. چیتر متمانەی خۆی لەسەر سامانی خێزانەکەی نەهێشت وای لێهات شانۆگەرییەکانی لەسەر تەختەی شانۆکانی بەریتانیا ناوبانگی دەرکردو دەستکەوتێکی باشی بەدەستهێناو ژیانێکی پڕ خۆش و شادی بەسەربرد.

**بەرهەڵستی جەنگ**

ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی

هەڵگەڕانەوەیەک بوو بۆ ژیانی برناردشۆ، لەبەرئەوەی جەنگ بووە هۆی نابووتبوونی سیستەمی سەرمایەداری، هەروەها بەدوا هەناسەکانی ژیانی ئیمپراتۆرەکانی سەدەی نۆزدەهەم دانرا، ژیانێکی ناسۆر بۆ هەزاران گەنج و لەناوبردنیان کە هەموویان لەژێر پەردەی رابەرایەتی نیشتمانەتیەوەبوون.

برناردشۆ بۆ بەرهەڵستیکردنی بەرامبەر بەجەنگ بەزنجیرەیەک وتاری رۆژنامەوانی لەژێر ناونیشانی(منطق الحرب) بۆچوونی خۆی دەربڕی، پێگەی کەسایەتی ئەدەبی بەگشتی کاریگەرییەکی کارەساتی هەبوو، لە وڵاتی ئینگلتەرا کە تیایدا لەوێ بەخێوکرابوو مامەڵەی کەسێکی زۆڵیان لەگەڵ کردو، بەڵکو مشتومڕکرا بەتاوانی خیانەت دادگایی بکرێ.

لەو ماوەیەشدا بەرهەمە شانۆییەکانی وەستێنرا لە ساڵانی جەنگدا تەنها شانۆگەری(منزل القلوب المحطمە) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، تیایدا باس لە خەمباری بوون و هەستکردن بەتاڵی بەرامبەر کۆمەڵگەو سیاسەتی بەریتانیا دەربڕی، لە ساڵی ۱۹۲۳ بەتایبەتی لەدوای جەنگ لە شانۆگەری(القدیسە جان) دەنگدانەوەیەکی شانۆگەری و دروستکردنەوەی ناوبانگی خۆی گەڕاندەوە، لە هاوشێوەی شکسپیری دووەم پلەوپایەی خۆی دەرخست، کە بەڕاستی شۆڕشێکی نوێ و گەورە لە شانۆی بەریتانی روویدا.

**خەڵاتی نۆبڵ و ئۆسکار**

لە ساڵی ۱۹۲۵ برناردشۆ خەڵاتی نۆبلی لە ئاداب وەرگرت لە ساڵی ۱۹۳۸ یەکەم کەس بوو کە خەڵاتی نۆبل و ئۆسکاری لە ئەکادیمیای سینەمای ئەمریکی لە سیناریۆ بۆ فیلمی(بیگمالیون) وەربگرێ، هەرچەندە خۆی پێویستی بەخەڵاتی دراوی نۆبل نەبوو، ئەو برە پارەیەی بۆ چاپەمەنی لەبەرگیراوی ئینگلیزی بۆ کارەکانی نووسەری شانۆی سویدی(ئوگست ستریند بیرگ) بەخشی کە لە ئەکادیمیای سویدی خەڵاتی نۆبلی وەرنەگرتبوو، بەڵام بەلای برناردشۆوە(ئوگست) مافی وەرگرتنی هەبووە.

دوای خەڵاتەکان شانۆگەرییەکانی یەک بەدوای یەکدا نمایشکران، لە کۆتایی بیستەکان لە سەدەی بیستەم«فیستیڤاڵی شو» لە ئینگلتەرا رێکخرا تا کۆتایی ساڵانی ژیانی وەکو مل گەورەیەک لەنێوان وڵاتان هاتوچۆی دەکرد. لە ساڵی ۱۹۵۰ لەوکاتەی خەریکی چاککردنی یەکێک لە دارەکانی ماڵەکەی خۆی بوو لە گوندی (ئایوت سانت لورانس)لە(هیرتفورشایر) لە دەرەوەی لەندەن لەسەر پەیژەکە کەوتەخوارەوە لەبەر سەختی برینەکەی لە ساڵی ۱۹۵۰/۱۱/۲ لە تەمەنی ۹٤ ساڵی دوای چەند رۆژێک کۆچی دوایی کرد، واتە پاش حەوت ساڵ لە مردنی هاوسەرەکەی(تشارلوت)، برناردشۆ لەدوای خۆی پاشماوەیەکی شانۆیی جێهێشت کە گەورەترین و جوانترین نواندنی جیهانی بوو. ساڵی ۱۹۷۱ رێز لە بەناوبانگترین شانۆگەرییەکی نرا بەکردنەوەی شانۆگەری بەناوی(مسرح شو) لە پایتەختی لەندەنی بەریتانیا، هەروەها لە ساڵی ۱۹٦۲ لە شاری (ئونتاریو) لە کەنەدا فیستیڤاڵی ساڵانەی(شو) رێکخرا.

**گوڵبژێرێک لە وتەکانی برناردشۆ**

- ئەوەی بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، گیان بەسەلامەتی دەردەکات.
- ژیان هەمیشە دڵخوازنییەو تەنها بەپشوودرێژی دەتوانرێ بەسەر ناهەمواریەکاندا زاڵبێت.
- مرۆڤ ئەمرۆ دەژی بۆ بەدەستهێنانی سبەی.
- راستی تەنها شتێکە هیچ کەسێک نایەوێت بڕوای پێبکات.
- لەژیانی مرۆڤدا دوو ناخۆشی هەیە، یەکەمیان کە دڵداری نامێنێ، دووەمیان کە دەیدۆزێتەوە.
- لەدوای خۆشەویستییەوە هیچ نییە تەنها ئازار نەبێ.

**سەرچاوە:**

زەهرە الخلیج، ژمارە ۱٤۱۷ / ۲۰۰٦

ئا: حزامە حبابیب